وەك لە نموونەکاندا دیارە ، ئەم واتایە بۆ تاکە وشەییێك نی یە . بەڵکو
ـ ڕووپی گەورە گەورەی وشەیە . لە گەڵ تاکە وشەیەندا وەك واتاییەکی
ـ ەکراو بۆ سەر واتا سەرەکی یەکە خۆی دەنوێنێ . واتای سەرەکی
ـ ـانی : (باخ) ـ شوێنی گوڵو درەختە ، (دەڕۆن) ـ بزووتنەوە لە
شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی یە ... بەڵام لەتەك ئەو واتا سەرەکی یە
.وربەجۆرانەدا ، واتای تەواوکەریشیان هەیە ، ئەویش واتایێکی
گشتی یە بۆ سەرجەمیان و بۆ ژمارەییێکی بێ شوماری دی وشە . ئەو واتا
ـشتی یەش ، واتای کۆیە . ئەو واتا سەرەکی یەی لە تەنیا وشەیێکی
ـیاری کراودا هەیە ، لە زانستی زماندا (واتای لێکسیکی) پێ دەوترێ .
ـاتای تەواوکەری گشتی یش ، کە خاسیەتی کۆمەڵە وشەیێکی زۆرە ، بە
ـواتای ڕێزمانی) ناونراوە[12] .

تایبەتێتی واتای ڕێزمانی ئەوەیە ، کە بە کەرەستەی دیوی دەرەوەی
زمان دەردەبڕێ[13] . کەرەستەی ئەم حاڵەتە هەندێ پارچەی وشەیە ،
ـەك : کۆتایی . ئەمەش بە ئاسانی لە بەراوردکردنی : باخ ـ باخان ،
ـ ڕوا ـ دەڕۆن ...دا دەبینرێ . ئەو کەرەستە دەرەکی یانەی واتای
ـڕێزمانی دەگەیەنن ، هەروەها خاسیەتی کۆمەڵە وشەی زۆرن و بریتین لە
ـەرەستەی ڕێزمانی . بۆ نموونە ، نیشانەی کۆی (ان،ن) تەنیا لەو وشانەدا
بەدی ناکرێن ، کە لە سەرەوە خستمانە پێش چاو ، بەڵکو لەگەڵ دەستەو

(١٢) ئا. ئی. گولانۆف ، وشەسازی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٢ .

(١٣) ئا. ئی. سامیرنیتسکی ، وشەسازی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ ، ل ١٠٤ .

پێنج قوتابی

٢ ـ لەگەڵ نیشانە :

أ ـ (ەکە)ی ناسیاوی :

سێ پیاوەکە ڕۆیشتن .

چوار ژنەکە هاتن .

ب ـ (ە)ی ناسیاوی :

سێ پیاوە کەوتنە ڕێ .

چوار ژنە لە کانی گەڕانەوە .

ج ـ (ان)ی کۆ :

چوار ڕۆژان بەپێ ڕۆیشتن

د ـ (ێك)ی نەناسیاوی :

سێ ڕۆژێك لەمەوبەر .

تێبینی :

١ ـ ئەگەر ژمارە بنچیەکە (یەك)بێ ، ئەوە ناوەکە ناتوانێ هیچ یەکێك لەو نیشانانە وەربگرێ .

٢ ـ کاتێ ناوی دوای ژمارەکە نیشانەی (ێك)ی نەناسیاوی دەچێتە سەر ، ئەوە ژمارەکە واتای نزیکی (تەقریبی) لە خۆیەوە وەردەگرێ . بۆ نموونە ، کە دەوترێ «سێ ڕۆژ» ، ئەوە گومان لە ژمارەی «ڕۆژ»ەکاندا نییە و ئاشکرایە و دیاری کراوە ، کە بێ زیاد و کەم «سێ»ن . بەڵام کە دەوترێ «سێ ڕۆژێك» ، مانای وایە نزیکەی «سێ ڕۆژ» . جا دەشێ لە سێ زیاتر بن یان کەمتر . لەم بارەدا ژمارەی «سێ» واتای چەسپاوی نامێنێ .

ئەم واتای نزیکییەی ژمارە لەو بارەشدا بەدەردەکەوێ ، کە لە پێش ژمارەکەوە وشەی (نزیك ـ نزیکەی ـ نزیکی ... دەوروبەری ...)بێت .

| زمانی ئەدەبی | شێوە جیاوازەکانی | زمانی ئەدەبی | شێوە جیاوازەکانی |
|---|---|---|---|
| ١ ـ یەک | | یـ ، ئێک | |
| ٢ ـ دوو | | | ـرز ، دو ، دوی ، |
| | | | ـ ، سێ |
| | | | دوی دوی |
| ٣ ـ سێ | | | |
| ٤ ـ چوار | چـار | چـار | |
| ٥ ـ پێنج | | ـنج | |
| ٦ ـ شەش | | ـش | ـیش |
| ٧ ـ حەوت | حەفت | ـت | |
| ٨ ـ هەشت | | هەشت | هەشت |
| ٩ ـ نۆ | | (م) | |
| ١٠ ـ دە | | (م) | |

وشەی «یەک»ەی کوردی لە زمانی ئاوێستادا «ئەیڤە»[١٥] ؛ لە ئێرانیی کۆندا «...» ، «یەک»ە ؛ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا «ئێوەک»ە ؛ لە زمانی فارسیی نوێدا «یەک» ، لە زمانی بلوچیدا «یەک» ، ...یە ؛ لە زمانی هیندیی نوێدا «ایک»ە ؛ لە زمانی لاتینیدا unus ـە ، لە زمانی فەرەنسیدا «ئان»ە ؛ لە زمانی ڕووسیدا «ئەدین»ە ...

...ھاوواتای ... «دوو»ی کوردی ... مانی ئاوێستادا «دڤە»یە ، لە زمانی هیندیی کۆندا «دڤا»یە ؛ لە زمانی فارسیی کۆندا «دوڤیتیە»یە ، لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا «دۆ»یە ، لە زمانی فارسیی نوێدا «دوو»ە ؛

(١٥) مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێ : « لە ناوچەی هەورامانی ئێراقدا وشەی (بووە) بە واتای (یەک) بەکاردێ ، بەڵام لە هەورامانی ئێراندا ، ئەمە دەبێ بە ( بوقە ـ یەقە ) » (بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، فەرهەنگی ئێرانی ... بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٧١ ) .

| کرمانجیی خواروو | | کرمانجیی ژووروو | |
| --- | --- | --- | --- |
| زمانی ئەدەبی | شێوە جیاوازەکانی | زمانی ئەدەبی | شێوە جیاوازەکانی |
| ۱۱ – یازده | یازه ، یانگزه ، یازده | یازده (م) | دەهیەك |
| ۱۲ – دوازده | دوازه، دوانگزه، دوازده | دۆزده (م) | دەهدو |
| ۱۳ – سیازده | سیازه ، سیانگزه<br>سیازده ، سێزده | سێنزده (م) | دەهسێ |
| ۱٤ – چوارده | چارده | چارده (م) | دەهچار |
| ۱۵ – پازده | پازه ، پانگزه ، پازده | پازده (م) ، پەنجزده (م) | دەهپێنج |
| ۱٦ – شازده | شازه ، شانگزه ، شازده | شازده (م) | دەهشەش |
| ۱۷ – حەڤده | حەڤڤە | حەڤده (م) | هەفتده (م) ، دەهحەفت |
| ۱۸ – هەژده | | هێژده | دەهەهەیشت |
| ۱۹ – نۆزده | | نۆزده (م) | دەهنە (م) (۱۸) ، (۱۹) |

(۱۸) ق. کوردۆ (کوردۆیێف) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستـــەی ←

نورەی»ی مامۆستا نووری عەلی ئەمینەوە وەرگیراوە[٨] . بەڵام ئەمەیکی باشی پێدا هێنراوە و هەندێ لە کەم و کورتی‌یەکانی لێ لابراوە و ناتەواوی‌یەکانی پڕکراوەتەوە ...

لێکۆڵینەوەی تا ڕادەیەك زانستیی‌و دیار کە لە بارەی (ئاوەڵکردار)ەوە نووسرابێ ئەو لاپەڕانەن کە لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ئەو باسانەی تێیاندا کردووە[٩].

لیژنە لە سەرەتادا باسی ئاوەڵکرداری لە لایەن هەندێ نووسەرانی ڕێزمانی کوردی و زمانانی بێگانەوە خستووەتە پێش چاو و بەدوا ئەوەدا باسێکی گشتیی ئاوەڵکرداری کردووە ...

لێدوانی هەرە سەرکەوتووی لیژنە لەو بوارەدا ، باسی ئاوەڵکردارە لە ڕووی واتاوە ، کە بە باشی لێی کۆڵیوەتەوە و نموونەی زۆری بۆ هێناوەتەوە و لە ئەنجامدا نۆ جۆر ئاوەڵکردار :

«١ - ئاوەڵکاری چۆنێتی

٢ - ئاوەڵکاری زەمانی

٣ - ئاوەڵکاری شوێنی

٤ - ئاوەڵکاری وەسفی

٥ - ئاوەڵکاری تەرتیبی

٦ - ئاوەڵکاری تەئکیدی

٧ - ئاوەڵکاری تەکراری

٨ - ئاوەڵکاری نەفی

٩ - ئاوەڵکاری پرسیاری »ی دیاری کردووە .

---

(٨) بڕوانە : نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٨٦ - ١٩٢ .

(٩) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٨٤ - ٣٠٢ .

(٤٠) الدكتور ابراهيم السامرائي ، فقه اللغه المقارن ، بيروت ، ١٩٦٨ ٠
(٤١) الدكتور ابراهيم السامرائي ، مباحث لغويه ، النجف ، ١٩٧١ ٠
(٤٢) توفيق وهبي ، اصل الاكراد ولغتهم ، « مجلة المجمع العلمي الكردي » ، المجلد ٢ ، العدد ٢ ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص ١ ـ ٢٤ ٠
(٤٣) توفيق وهبي ، قواعد اللغة الكرديه ، الجزء الاول ، الباب الثاني ، بيروت ، ١٩٥٦ ٠
(٤٤) صلاح سعد الله ، حول اللغه الكرديه ، بغداد ، ١٩٨٥ ٠
(٤٥) عبدالباقي الصافي ، دراسة مقارنه للكلمه وعلم الصرف في اللغتين العربيه والانكليزيه ، مستل من مجله كليه الاداب جامعه البصرة ، العددان ٤ و ٥ ٠
(٤٦) الدكتور على عبدالواحد وافي ، علم اللغه ، الطبعه السابعه ، القاهرة ، ١٩٧٢ ٠
(٤٧) محمد سعيد عبدالرحمن ، قواعد اللغة العربيه في النحو والصرف ، بغداد ، ١٩٧٠ ٠

### به زمانی ڕووسی

(٤٨) ئۆ. س. ئاخمانۆڤا ، فەرهەنگی زاراوەکانی زمان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ٠
(٤٩) ك. ڕ. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لینینگراد ، ١٩٦٨ ٠
(٥٠) ئی. م. ئۆرانسکی ، زمانە ئێرانییەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ٠
(٥١) د. ن. ئوشاکۆف ، فەرهەنگی زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، بەرگی یەکەم ، ١٩٣٥ ، بەرگی دووەم ، ١٩٣٨ ، بەرگی سێیەم ، ١٩٣٩ ، بەرگی چوارەم ، ١٩٤٠ ٠
(٥٢) چ. خ. باکایێف ، بەشە دیالێکتی کوردی تورکمانستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ٠
(٥٣) چ. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی ئازەربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ٠

## به زمانه ڕۆژئاواییەکان

87- Ernest N. Maccarus , A Kurdish Grammar, New-York, 1958.

88- H. A. Gleason , Linguistics and English Grammar, New-York, 1966

89- Joyes Blau, Manuel De Kurda, Paris, 1980.

90- D. N. Mackenzie , Kurdish Dialect Studies . London , 1961.

91- Norman C. Stageberg, An Introductory English Grammar, New-York, 1965.

92- E. B. Soane , Elementary Kurmanji Grammar, Baghdad, 1919.

93- E. B. Soane Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913.

94- A.V. Willams Jackenzie . Avesta Grammar, Part I . Stuttgart W. Kohlhammer, 1892.

# ناوەرۆك

پێشەکی ........................ لاپەرە

## ژمـارە

### - ١ -

کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (ژمارە)دا کراون ........................ ٢٧

سەعید صدقی ل ٢٨ - ٢٩ ، تۆفیق وەهبی ل ٢٨ - ٣٠ نوری عەلی ئەمین ل ٣٠ - ٣٤ ، جگرخوین ل ٣٥ ، محەمەد ئەمین هەورامانی ل ٣٥ - ٣٦ ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ل ٣٦ - ٣٧ ، لیژنەی بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردی ل ٣٧ ٣٩ ، صالح حسەین حەسەن پشدەری ل ٣٩ - ٤٠ ، د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییێف) ل ٤٠ - ٤٢ ، د. چەرکەزی بەکۆ (باکاییێف)ل ٤٢ - ٤٣، د. کەریمی ئەیوبیو د. ئی. ئا. سیر نۆڤا ل ٤٣ - ٤٥ ، د. مەکسیمی خەمۆ ل ٤٥ - ٤٦ د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ل ٤٦ ، د. زارێ یوسف ل ٤٧ - ٤٨ ، د. ئەرنست مەکاروٚس ل ٤٨ - ٤٩ ، د. مەکەنزی ل ٤٨ - ٤٩ ، د. جۆیس بلۆل ٤٩ ، ئەنجام ل ٤٩ - ٥٣ .

### - ٢ -

لێکۆڵینەوەکانی خۆم لەبارەی (ژمارە)وە ٥٤
ژمارە ٥٤
ژمارە لە ڕووی تایبەتێتی واتا و چۆنێتی بەکارهێنانـەوە ٥٤ - ٦٢
ژمارەی بنجی ل ٦٢ - ٨٨ ، ژمارەی پلەیی ل ٨٨ - ١٠١ ژمارەی کەرتی ل ١٠١ - ١٠٨ ، ژمارەی دابەش ؟ ل ١٠٨ - ١١٤ ، ژمارەی چەندێتی نادیار ؟ ل ١١٥ - ١١٦ .

# ئاوەڵکردار


– ١ –

**کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (ئاوەڵکردار)دا کراون** ١١٩

سەعید صدقی ل ١١٩ ، تۆفیق وەهبی ل ١٢٠ ، نوری عەلی ئەمین ل ١٢٠ – ١٢٢ ، جگرخوین ل ١٢٣ ، محەمەد ئەمین هەورامانی ل ١٢٣ – ١٢٤ ، لیژنەی بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردی ل ١٢٤ – ١٢٥ ، لیژنەی زمان و زانستی خوێندنی کوردی ل ١٢٤ – ١٢٥ ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ل ١٢٥ – ١٢٧ ، د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ) ل ١٢٧ – ١٢٨ ، د. چەرکەزی بەکۆ (باکاییڤ) ل ١٢٨ ، د. کەریمی ئەیوبی‌و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤا ل ١٢٨ د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ل ١٢٨ ، د. زارێ یوسف ل ١٢٨ – ١٢٩ ، د. ئەرنست مەکارۆس ل ١٢٩ ، د. مەکنزی ل ١٢٩ – ١٣٠ ، ئەنجام ل ١٣٠ – ١٣٢ .

– ٢ –

**لێکۆڵینەوەکانی خۆم لەبارەی (ئاوەڵکردار)ەوە** ١٣٢

**ئاوەڵکردار** ١٣٣

**جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە** ١٣٥

ئاوەڵکرداری دیارخەر : ١ – ئاوەڵکرداری چۆنێتی ل ١٤٠ – ١٤٢ ، ٢ – ئاوەڵکرداری چەندێتی ل ١٤٢ – ١٤٣ ، ٣ – ئاوەڵکرداری شێوە یان جۆری جێ‌بەجێ‌بوون ل ١٤٣ – ١٤٥ ئاوەڵکرداری بارودۆخ : (١ – ئاوەڵکرداری کات ل ١٤٦ – ١٤٧ ، ٢ – ئاوەڵکرداری شوێن ل ١٤٧ – ١٤٩ ، ٣ – ئاوەڵکرداری هۆ و مەبەست ل ١٤٩ ، ٤ – ئاوەڵکرداری تەئکیدی ل ١٤٩ – ١٥٠ ، ٥ – ئاوەڵکرداری دووبارەکردنەوە ل ١٥٠ . ٦ – ئاوەڵکرداری نەفی ل ١٥٠ – ١٥٢) .

**ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە** ١٥٢

